دورەی دووهەم، ژمارە( ٤٨ ). نیوەی دووهەمی پووشپەڕی ١٣٨٤
شۆڕش
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

# کۆتایی شەڕ و توند و تیژی دژ بە ژنان

ئا/ستافی "شۆڕش"



لێکۆلینەوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەو توند و تیژییانە دەکات کە پاش شەڕ لە لایەن بەشدار بووان لە شەڕەکاندا، لە ناو بنەماڵەدا روودەدا.

ژنێکی کامبۆجی دەگێڕێتەوە: کە مێردەکەم پاش گەڕانەوە لە شەڕ لە ساڵی ١٩٩١دا، بەردەوام لەگەڵ من و منداڵەکان بە شێوەیەکی خراپ هەڵسووکەوت دەکات. ئەم ژنە دەڵێت: مێردەکەم ئەوندە توندوتیژی بینیوەو بۆ خۆشی تووندوتیژی ئەنجام داوە، ئیتر ناتوانێت وەکوو مرۆڤێکی ئاسایی هەڵس وکەوت بکات.

پیاوێکی مەقدوونیەیی دەڵێت: شەڕ کاریگەری زۆرخراپی لەسەرمن داناوەو بە چەشنێك کە ناتوانم لە ژنەکەم نەدەم.

ژنێکی فەلەستینی لە رام وڵڵا دەڵێت: خۆکوژی لە نێو ژنان و کچاندا بە شێوەیەکی بەربلاّو پەرەی سەندووە. لەم ناوچەیە تەلەفوونێکی تایبەت بۆ کاری پێویستی داندراوە، یاری دەدەری ئەم ناوەندە دەڵێت:سەر لەبەیانیان کە پیاوەکان دەڕۆنە سەر ئیش و کاری خۆیان، تەلەفوونی ئەم ناوەندەبە شێوەیەکی بەردەوام زەنگ لێدەدا و خەڵك پێوەندیمان پێوە دەگرن. لەسەدا ٧٠ی ئەوکەسانەی کە پەیوەندیمان پێوەدەکەن، لە لایەن، مێرد، برا، باوك یان مامۆکانیانەوە دەستدرێژیان کراوەتە سەر. گرووپێکی پسپۆر لە لایەن ڕێکخراوی ژنانی سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان" یونی فم" بۆ ماوەی ساڵێك لە هاوینی ٢٠٠١دا بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر کارتێکردنە خراپە کانی شەڕی چەکداری لە سەر ژنان سەردانی ئەو ناوچانەیان کرد کە تووشی شەڕو قەیران بوونەتەوە. ئەم گرووپە سەردانی، بوسنی و هێرزەگۆوین، مەقدوونیە، کۆزۆڤۆ،

سربستان، کۆلۆمبیا، کامبۆج، تەیمووری رۆژهەڵات، لیبریا، گینە، رواندا، سیرالئۆن و سوومالی و هەروەها ئیسرائیل و ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستینیان کرد.

بەرپرسی ئەم گرووپە ئیلیزابێت رن وەزیری بەرگری پێشووی فەنلاند و بەرپرسی ماف مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ناوچەی یوگسلاوی پێشوو وهەروەها ئەلێن سیریف وەزیری ماڵی پێشووی لیبریا و بەرپرسی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵك لە رواندا دەڵێن: لە هەموو ناوچەکان ژنان دەڵێن چەك بووە تە هۆی تێکدانی ژیانی بنەماڵەییمان. هەروەها باس لە وەش دەکەن: کە کاروباری نیزامی ئاڵو گۆڕێکی بنەڕەتی بە سەر باوك و براو مێردەکانماندا هێناوە کە بە شێوەیەکی دژوار دەناسرێنەوە.

ئەوان سکاڵایان لەوە هەیە کە مێردەکانیان لە گەڵیاندا ساردووسڕوو و داخراوو دەمارگرژن. بە تایبەت لە کاتی مەشرووب خواردنەوەدا.

لێکۆڵینەوەکانی "یونی فم" ئاژاوەی نایەوە چوونکە دەریخست کە فورت براج لەو بازنە بەدەرنییە بەڵکووبۆخۆی بنەما یە. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کەلە هاوینی ٢٠٠٢چوار سەربازی ئامریکایی کە لە شەڕەکانی ئەفغانستان گەڕابوونەوە هاوسەرکانی خۆیانیان کوشت. سەرەتائەم رووداوە وەکوو دیاردەیەکی ئاسایی دەبیندرا، کە رەنگە پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەم کارە بوونی نەخۆشی مالاریا بێت لە ناو کەسەکاندا.

بەڵام لەم ماوەیەدا پنتاگۆن کۆمیسیۆنێکی بۆ پێڕاگەیشتن بەم مەسەلەیە و هەروەهابۆ روونکردنەوەی پێوەندی نێوان کوشتنی کەسانی غەیرە نیزامی و عەمەلیاتە نیزامییەکان پێك هێنا. لەم دوواییانەدا لە رۆژنامە کانی ئامریکادا دەخوێنینەوە کە راپۆرتە نهێنییەکان نیشانیان داوە لە و کاتەوە کە هێزەکانی ئامریکا بۆ جارێکی دیکە لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان سەرقاڵی شەڕن رادەی توندو تیژی بە دژی ژنان و منداڵان بە چەند قات زیادی کردووە. هەر بەو پێیە لە راپۆرتێك دا سەبارەت بە توندو تیژی خێزانیدا هاتووە رێژەی٦/ ١٨ لە هەزار یەکەدا لە ساڵی ١٩٩٠گەیشتۆتە رادەی ٨/ ٢٥ لە ساڵی ١٩٩٩دا.

لەنێو ئەرتەشی ئامریکا دا لە ساڵی ١٩٩٩ کە سێسەد وسی هەزار کەس ئەندامی بوون، ٨٦٤٨ ژن بە هۆی ئەو توندو تیژیانەی کە لە ماڵەکانی خۆیاندا لە لایەن سەربازەکانەوە رووبەڕوویان بۆتەوە گلەیی و گازندەیان هەبووە. هەڵبەت دەبێ ئەوش لە بەرچاو بگرین ئاماری راستەقینە ئەوژنانەش لە خۆ دەگرێ کە بێدەنگی لە بەرامبەر ئەم توندوتیژیانە رەچاو کردووە.٧٥لە سەدی ژنانی کامبۆجی کە مێردەکانیان لە شەڕە ناوخۆییەکاندا بە شداربوون پاش هاتنی سوپای ئاشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی١٩٩٥، بوون بە قوربانی توندوتیژی نێو بنەماڵە. زۆربەیان کەوتنە بەرگوللەی مێردەکانیان، چوونکە سوپای ئاشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە هۆی کەمتەرخەمی پیاوانی چەك نەکردبوو. بەرپرسی ژنانی شورای ئەمنییەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە ژنان، ئاشتی و ئەمنییەت، هاوکات لە گەڵ لێکۆڵینەوەکانی "یونی فم" بە یەك ئەنجام دەگات، کە چەکداربوونی پیاوەکان، مەترسی توندوتیژی دژ بە ژنان دەباتە سەر، توندوتیژی خێزانی لە کاتی شەڕدا زیاد دەکات ولە ئاشتی دوای شەڕیشدا زۆرتر دەبێت.



١٠٠مليۆن كەس بە هۆی شەڕەوە لە سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم کوژراون.کاتێك پیاوان لە شەڕدا گیانیان لە دەست دەدا، ژنان و منداڵانیش بە هۆی بۆمباران کردنی شارو دێهاتەکان و لە برسیەتی و تینوێتی، یان بە هۆی نەخۆشی جنسی وەکوو ئیدز و یا بە هۆی دەستدرێژی ولەش فرۆشی زۆرە ملی گیانیان لە دەست دەدا، ئەگەریش ئەم ژنانە تێدانەچووبان لە تەواویی ژیانیان دا لەخەونی خراپ و بیر لە خۆکووژی رزگاریان نەدەبوو.

کاتێکیش کە مێردەکانیان لە شەڕدەگەڕانە وە لە لایەن ئەوانەوە ئەشکەنجە دەدران یان بە و دەکوژران، بەو هۆیەی مێردەکانیان پێیان وابووکە لە لایەن بێگانەوە دەستدرێژی کراوەتە سەریان و شەرەف و نامووسیان لە کەدار کراوە.

لەشەڕەکانی سەدی نۆزدەهەم، لە هەر ٢٠کەس کە لە شەڕدا دەکوژرا، یەکێکیان هاوڵاتی ئاسایی بوو. لە شەڕی جیهانی دووهەم لە هەر سێ کەس، دووانیان هاوڵاتی ئاسایی بوون. بەدوای تەواو بوونی شەڕی سارد لە هەموو جیهان، ٤٠ ملیۆن کەس بە هۆی شەڕی گەرم ئاوارە کران کە لە سەدا هەشتای ژنان و منداڵان بوون. ئەوان لە ئۆردووگای ئاوارەکان بە بێ هیچ سەرپەنایەك، تەنانەت ئەگەر شانس رووی تێبکردایەتن تیکە نانێکیان وەچنگ هێنابا تا کوو لە مەرگ

رزگاریان بێت ژیانیان دەبردەسەر. رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵدا ١/٧ دۆلار لە بەرامبەر بە هەردانیشتوویکی سەر زەوی بۆ رێکخراوی یارمەتیە مرۆییەکان سەرمایە گوزاری دەکات. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٨٠ بەرابەری ئەم پارەیە، واتە ١٣٩ دۆلار بۆ هەرکەسێکی نیشتەجێی سەر رووی زەوی لە کۆمیسیۆنی ئاشتی کە کلاّوشینەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانن سەرمایە گوزاری دەکات.ئەی ئەو گرووپانەی وابە ناوگرووپی ئاشتی و یارمەتییە مرۆییەکان دەناسرێنەوە بە چییەوە سەرقاڵن ؟. باوکێك لە سیرا لئۆن بە گرووپی یونی فم ئاوا دەڵێت: ئەگەر تۆخوشك، هاوسەر یان کچێکت هەبێت بەوانی بدەی، ئەوکات وەکوو پیاوێك لە باتی ئەوە یارمەتیت دەدەن.

کچێکی تەمەن ١٥ساڵەی کامبۆجیایی دەڵێت: کە لە لایەن دایە گەورەیەوە بە بڕی ٢٠٠ دۆلار بە بوردلێ لە پنۆم پن کە سەربازەکلاّوشینەکان هاتووچۆی دەکەن، فرۆشراوە.

لێکۆڵینەوەکانی یونی فم دەریخستووە کە رێژەی ئەوژنانەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەریان لە ساڵی ١٩٩٥ هەتا ٢٠٠٠ بە دووقات چۆتە سەرەوە.

لێکۆڵینەوەکانی یونی فم بەراوردی کردووە کە ساڵانە ٢ ملیۆن ژن لە جیهان وەکوو کۆیلە دەفرۆشرێنە بوردل و کارخانەو بنەماڵە دەوڵەمەندەکان. بازرگانان لەم سات و سەودایە دا ٥ تا ٧ ملیارد دۆلار قازانج دەکەن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووەکە لە نێوان شەڕو بازرگانی ژنان پەیوەندییەکی روون هەیە. مافیایەك کە لە رێگای کڕین و فرۆشتنی ژنان پارەیەکی یەکجار سەرسووڕ هێنەر وەچنگ دێنیٚ لە تجارەتی چەکیش دا دەستی هەیە. تەمەنی فەحشا لەبوردلی





سەربازەکاندا ساڵ بە ساڵ دا دەبەزێتە خوارەوە. بۆ نموونە، لە سەدا ٣٠ی ئەو کۆیلانەی کەلە کامبۆج کاری سێکسی ئەنجام دەدەن تەمەنیان لە نێوان ١٢ تا ١٧ساڵدایە. لە مەقدوونیە لەو ١٠٠٠ کچەی کەلە بوردلەکان رزگار کراون تەمەنیان لە خوار ١٥ساڵدایە. لێکۆڵەرانی شەڕوئاشتی لە سیرالئۆن تووشی کچێکی سك پڕ ی تەمەن ١٤ساڵان بوون کە ساڵانێکی زۆر لە زیندانی چەکدارەکاندا بووە. ئەو دەگێڕێتەوە کە من چێشتم بۆ ساز دەکردن و هەروەها بە شێوەیەکی بەردەوام لەلایەن ئەوانەوە دەستدرێژی دەکرا سەرم. ئەم کچە لەلایەن گرووپێکی یارمەتیدەری ئەو کەسانەی بە زۆر ناچار بەلەش فرۆشی دەکرێن بواری خۆدەربازکردنی بۆ رەخسابوو. لێکۆڵینەوەکە لە درێژە دا دەڵیٚ: یارمەتیدانی ژنان لە گەڵ یەکترسەرەڕای جیاوازی ئایین و نەتەوە کارتێکردنێکی گەورەی لە سەر ئێمە هەبوو. ئەو کاتەی کە پیاوان لە دژی یەکتر لە شەڕدا ن ژنان هاوکاری یەکتری دەکەن. نە تەنیاهەر لە سیرالئۆن. لێکۆڵینەوەکانی یونی فم باس لەوەدەکات: لەمەو بەدوا بوونی چەك هیچ ئاسایشێك بۆژنان نایەنێتە ئاراوە بەڵکوو دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئاسایشێکی کەمتر. کاتێك ژنان بە بیٚ ترس و دڵەڕاوکیٚ ژیان دەکەن، وڵاتەکەشیان بەو شێوەیە دەبێت. ئەو شوێنەی کە ژنان تێیدا هەست بە ئاسایش وئاسوودەیی دەکەن، فەزاش بۆ ئاشتی مسۆگەرە .